سەرکەش سمکۆ
یاریزانی تۆپی دەستی یانەی کۆیە

# لە ڕێگای یارییەکەم بەجیهان دەڵێم پێشمەرگەی کوردستان نەترس و سەربەرزن



شاری رانیە–ی سەر بە پارێزگای سلێمانی خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لەیارییەکانی تۆپی دەست کە جێگەی دەستیان لەم یارییە لە ئاستی کوردستان و عێراق دیارە. سەرکەش سمکۆ یەکێکە لە کچە یاریزانە هەرە بەتواناکانی تیپی تۆپی دەستی یانەی کۆیەو خاوەنی ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لەیاریی تۆپی دەست. ئەو یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی حاجیاوەیە لەدەڤەری پشدەرو لە قۆناخی دووەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لەزانکۆی کۆیە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لەئاستی کوردستان و عێراق، ئێمەش لەنزیکەوە بۆ ئاشنابوون بە ژیانی وەرزشیی ئەم یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان–ی دایەوە.

*** چۆن بـوو خـۆت لە نێـو دنیای یاری تۆپی دەستی دۆزییەوە؟**

-مـن لـە قۆناخی ناوەندییـەوە لەقوتابخانەکانەوە دەستم بـە وەرزش کـردووەو تاکـو ئێستا بەردەوامـم لەگەڵـی و تا رادەیەکی باشیش تێیدا سەرکەوتوو بووم.

*** ئاستی یـاری تۆپـی دەسـتی لـە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- تائێستا بەشێوەیەکی باش دەیبینم، بەهیوای ئەوەم خول بکرێتـەوە بـۆ کچان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان بـۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شـارەکانی کوردستان زیاتر بەرەوپێش بچێت.

*** هەست ناکەی بەهۆی کەمیی کردنەوەی پاڵەوانیەتی، ئاستی کچان وەکو پێویست نییە؟**

-بێگومان ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسـەر ئاسـتی کچە وەرزشـکاران، ئەگەر خولی بەردەوام نەکرێتەوە، یاریزانانیش بێزاردەبـن لـە یارییەکەو دووردەکەونەوە، بەڵام ئەگەر خول و پاڵەوانیەتی هەبێت، بێگومان یاریزانی باش دروست دەبێت.

*** بـۆ باشـتربوونی رەوشـی ئـەم یارییـە پێویسـتە چی بکرێت؟**

-کردنـەوەی خولـی بەردەوام بۆ یاریزانان ئەوە هۆکارێکی باشـە بـۆ ئـەوەی ئـەم یارییە جێگای خۆی هەبێت لەنێو یارییەکان، هەروەها دروسـتکردنی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانـان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و دابینکردنـی پێداویستییەکانی ئەم یارییە بۆ یاریزانان لەگەڵ هاریکای پێویست، ئەوانە هۆکارن بۆ باشتربوونی ئاستی ئەم یارییە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

-نەکردنەوەی خولی بۆ تیپەکانی کچان و قەیرانی دارایی دووگرفتی سەرەکی ئەم یارییەن، ئەگەر لە داهاتوو ئەمانە چارەسەر بکرێت، کێشەکان چارەسەر دەبێت.

*** خەونی وەرزشیت لە ژیانی یاریزانیت چییە؟**

-بەهیـوای ئـەوەم بتوانم خزمەتی زیاتری وەرزش بکەم و ئاستی خۆشم زیاتر بەرەوپێش ببەم و لەداهاتوو لەم یارییە بدرەوشێمە.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردسـتان بەشـداری لەپاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بکات؟**

-هیواخـوازم کوردسـتان ببێـت بەدەوڵـەت، تائێمەش وەکو نەتەوەکانـی دیکە بەشـداری خولەکانـی جیهان بکەین، کە خەونی سەرجەم وەرزشوانانە منیش یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی کوردستان.

*** خانەوادەکەت تا چەند بۆ وەرزشکردن هاوکارتن؟**

-زۆر سوپاسیان دەکەم کە ئەوپەڕی هاوکاریم دەکەن.

* بەچ یاریزانێك لەجیهان سەرسامی ؟

-بە رۆنالدۆی پورتوگالی.

***لە هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق داوانەکراوی؟**

-نەخێـر، بـەڵام بەهیـوای ئـەوەم بتوانـم باشـترین ئاست پێشکەش بکەم و بگەمە ریزی هەڵبژاردەکەش.

***خوێندن لە وەرزش کردنت ڕێگر نییە؟**

-نەخێر، بەپێچەوانەوە من کاتەکانی خۆم بۆ هەردووکیان دابەشـکردووە، بەهیـوای ئـەوەم بتوانـم هـەردوو کارەکـە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەم.

***پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-داواکاریم لەیەکێتی تۆپی دەسـتی کوردستان و لیژنەی ئۆلۆمپـی و بەرپرسـانی وەرزشـی کە گرنگیـی زیاتر بدەن بە تۆپی دەسـت و پاڵپشـتێکی باش بن بۆ تیپی کچان کە پێویسـتیان بە پاڵپشـتییە تا بتواندرێت کچان سـەرکەوتنی باشـتر بەدەسـت بێنـن، چونکـە یاریزانـان لەچاوەڕوانـی پاڵەوانیەتیـدان و ماوەیەکە هیچ پاڵەوانیەتیەك نەکراوەتەوە، با بەدوای سپۆنسـەر بگەرێن و خول بکەنەوە، یاریزان بێزار بووە لەم دۆخە.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە باسی بکەیت؟**

-زۆر سوپاسـی گۆڤـاری گـوڵان دەکـەم بۆ ئـەم هەمـوو خزمەتکردنـە بـە بـواری وەرزشـی لەسـەرجەم شـارەکانی کوردسـتان، بەهیـوای ئەوەشـم لەمـاوەی تەمەنـم خزمەتی زۆر بە وەرزش بکەم.

دیمانە: کارزان کانەبی






# سیمیۆنی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید جێدەهێڵێت

دییگۆ سیمیۆنی راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی دووپاتی کردەوە، کە لێدوانەکانی جیۆڤانی کوڕی راست بووەو رۆژێك لە رۆژان دەبێتە راهێنەری یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی.

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا، کە بۆ یارییەکەی بایرن میونیخ لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا رێکخرابوو، سیمیۆنی گوتی: داهاتووم دیارە ئێستا، ناتوانم هیچ قسەیەك بکەم لەوبارەیەوە، زۆر لەگەڵ جیۆڤانی و خێزانەکەمدا قسە دەکەم و هەمووان دەزانن، کە رۆژێك دەبمە راهێنەری ئینتەر میلان، ئەوەش هیچ شتێکی تازە نییە.

سیمیۆنی هاوینی ئەمساڵ بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەتلەتیکۆ بۆ ساڵی ٢٠١٨ کەمکردەوە، کە بڕیار بوو گرێبەستەکە ساڵی ٢٠٢٠ تەواو بێت، بەوەش گومانی گەورەی لەسەر داهاتووی خۆی دروست کرد. ئینتەر میلانیش کە ساڵانێکی زۆرە لەقەیرانێکی گەورەدایەو بە تەواوی لەیانە پێشەنگەکانی ئیتاڵیا دوورکەوتووەتەوە، دەیەوێت سوود لەتواناکانی سیمیۆنی کە پێشتر درێسی یانەکەی پۆشیوە، وەربگرێت بۆ ئەوەی جارێکیتر بگەڕێنەوە ریزی گەورەکان.

# بەرشلۆنەو ریاڵ مەدرید کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەستێرەیەکی مانچستەر یونایتد دەکەن

بەپێی راپۆرتە هەواڵییەکانی بەریتانیا، هەردوو یانەی بەرشلۆنەو ریاڵ مەدریدی ئیسپانی، کێبڕکێی لەسەر بەدەستهێنانی ئەنتۆنی مارسیالی هێرشبەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی دەکەن.

مارسیالی تەمەن ٢٠ ساڵ، پێش ئەوەی پێوەندی بە شەیتانە سوورەکانەوە بکات، بەرشلۆنە هەوڵی گواستنەوەی دەدا، بەڵام دواتر یانەی مۆناکۆ بەبڕی ٣٦ ملیۆن پاوەن بۆ مانچستەر یونایتد دەستبەرداری بوو.

رۆژنامەی زە سەن لەهەواڵێکیدا ئاشکرایکردووە، کە مانچستەر یونایتد ئامادەیە بەبڕی ٦٠ ملیۆن پاوەن دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێت.هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوەش دەکات، جەیمس رۆدریگێزی کۆڵۆمبی، کە لەلایەن زیدانەوە پشتگوێ خراوە، ببێتە هۆی گواستنەوەی مارسیال و بەمەش گرێبەستەکە بە سوودی ریاڵ کۆتایی پێ بێنێت، چونکە خۆسێ مۆرینهۆی راهێنەری مانچستەر یونایتد دەیەوێت ئەو یاریزانە بباتە ریزەکانیەوە.

ئاڵوگۆڕێکی لەوجۆرە سوودی بۆ هەردوو یانەو هەردوو یاریزانیش دەبێت، کە لەئێستادا لەپێکهاتەی تیپەکانیاندا بەشێوەی سەرەکی پشتیان پێ نابەسترێت.





# دیدێ دیشان هۆکاری دەستنیشانەکردنی پۆگبا وەکو باشترین یاریزانی جیهان ئاشکرادەکات




دیدێ دیشان راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا ئاشکرایکرد، کە پۆڵ پۆگبای هاونیشتیمانی و یاریزانی یانەی مانشستەر یونایتدی ئینگلیزی لەبەر ئەوەی هێرشبەر نییەو گۆڵ زۆر تۆمار ناکات، ئەوا ناتوانێت تۆپی ئاڵتونی بەدەست بهێنێت و ببێتە باشترین یاریزانی جیهان.

لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی مۆنتی کارلۆی فەرەنسی، دیشان گوتی: پۆگبا دەتوانێت هەندێك شت بکات کە بە یاریزانی تر ناکرێت، بەڵام ئەو تەنیا دەیەوێت یارمەتی یانەکەی بدات، بیریشمان نەچێت ئەو هێشتا یاریزانێکی لاوە لەیانەیەکی گەورەی وەکو مانشستەر یونایتدو لەچەندین شوێنی جیاواز یاری دەکات.

دەربارەی ئەوەی ئایا پۆگبا دەتوانێت ببێتە باشترین یاریزانی جیهان، دیشان دووپاتی کردەوە، پۆگبا یاریزانی هێڵی ناوەندە، بەدەستهێنانی تۆپی ئاڵتونی زۆربەی جار هێرشبەر، یان خاوەن ژمارە ١٠ بەدەستی دەهێنێت، جگە لە کاناڤارۆ، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ بەدەستی هێنا، چونکە ئەوان گۆڵ زۆر دەکەن، بەڵام پۆگبا ناتوانێت گۆڵ زۆر بکات و هاتریك بکات، وەکو چۆن میسی و رۆناڵدۆ دەیکەن، لەبەر ئەوە پۆگبا ناتوانێت ببێتە باشترین یاریزانی جیهان.



# برایەتی هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی دەدات

لەگەڵ ئەوەی یانەی برایەتی ئەمساڵ ئامادەکارییەکانی وەکو پێویست نەبوو لە رووی ئامادەکارییەکانەوە بۆ خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام گرفتێکی دیکەش رووی لەم یانەیە کردووە، ئەویش بەدەستنەهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی پێنج هەفتەی رابردوو بووە، ستافی راهێنەرانی یانەکەش هێشتا بێ ئومێد نەبوون لەباشتر بوونی ئەنجامەکانیان، لەم بارەشەوە فاتیح حەمەخان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەگەر سەیری یارییەکانی ئێمە بکەن، دەزانن کە ئەنجامەکانمان خراپە، بەڵام هیچ یانەیەك تەکتیکی یاری لەئێمە جوانتر نییە، ئێمەش کێشەمان ئەوەیە گۆڵ تۆمارناکەین و هێرشبەرێکی گۆڵکەرمان نییە، زۆر داوامان کرد پێش دەستپێکی خولی نایابی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین گۆڵکارێکی باش بهێنین، بەڵام بێ پارەیی وایکرد نەتوانین یاریزانێکی گۆڵکار بهێنین.» لەبارەی چارەسەرکردنی گرفتەکانیانیش فاتیح حەمەخان گوتی: «ئێمە بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئاست پێشکەش بکەین و هێرشبەرێکی ئاست بەرز بهێنین، بەڵام ئەوەش پارەی دەوێت، ئەگەر بۆ قۆناخی دووەمی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستانیش پارە هەبێت، رەنگە بتوانین گرێبەست لەگەڵ هێرشبەرێك بکەین، ئەوەش هەڵەی یانەکەمان بووە، دەبوایە پێش دەستپێکی خولەکە ئەم داوایەی ئێمە جێبەجێ بکرایە، ئێستاش متمانەمان بەخۆمان هەیە تاوەکو بتوانین کارێك بکەین و ئەنجامەکانمان باش بکەینەوە، تیپەکەمان زۆربەی یاریزانەکانی لاو و خاوەن ئاستی بەرزن، بەڵام زۆرجار گرفتێك دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی تیپەکە نەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەهیمەتی هەموو لایەك ئومێدمان هەیە بچینە قۆناخێکی تازەوە.

## هەولێر بیر لەگۆڕانکاری ناکاتەوە

## هەندرێن چاوی لە چوارگۆشەی زێڕینە



لەگەڵ ئەوەی ئەمساڵ جیاواز لەساڵانی پێشوو یانەی هەولێر پشتی بە کۆمەڵێك یاریزانی بەتواناو لاوی شارەکە بەستووە بۆ ئەوەی بتوانێ هەم بەسەر گرفتی قەیرانی دارایی زاڵ بێت، هەمیش بتوانێ توانای یاریزانانی کوردی شارەکەی پێشان بدات لەسەر ئاستی عێراق، بەڵام ئەنجامەکانی رابردوو بەدڵی هاندەرانی نەبووە، تاکو ئێستاش ئیدارەی یانەی هەولێر هیچ بڕیارێکی نەداوە لەسەر چارەنووسی دەستەی راهێنەرانی، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « یاریزانانی ئێمە هیچیان لەیاریزانانی یانەکانی عێراق کەمتر نییە، بەڵام زۆرجار چانس یاوەرمان نەبووە، باش یاریمان کردووەو نەمانتوانیوە ئامانجەکەمان بپێکین، ئیمکانیەتی یاریزانانی ئێمەش هەر ئەوەیەو دەتوانن ئەوەندە بکەن و هیچ کات کەمتەرخەمییان نەکردووە بۆ تیپەکەمان.:

لەبارەی گۆڕانکاریش لە ریزی یانەکەیان بێجان گوتی: «تاکو ئێستا بڕیاری هیچ گۆڕانکارییەکمان نەداوە لە پێکهاتەی یانەکەمان و وەکوو دەستەی راهێنەران جارێك چاوەڕوان دەکەین بزانین چی دەبێت تا کۆتایی قۆناغی یەکەم، چونکە ئێمە پشت بە یاریزانانی خۆمان دەبەستین، چەندین یاریزان پێوەندی بە ئێمەوە کردووە بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکەین، بەڵام ئەوەشمان هەڵگرتووە، جارێك هیچ بڕیارێکمان نەداوەو بەم شێوەیە بەردەوام دەبین.



یانەی وەرزشیی هەندرێن ئەمساڵ بە پێکهاتەیەکی لاو و ستافێکی راهێنەری نوێ بەشداری لەوەرزی نوێ خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان کردووەو لەکۆمەڵەی دووەم شان بەشانی شەش یانەی دیکە شەڕی بەدەستهێنانی بلیتی چوارگۆشەی زێڕین دەکات، ئەنجامەکانیشی وەکو پێویستە لەم خولەکە، لەبارەی ئاستی تیپەکەش دکتۆر تەها قادر راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجی ئێمە لەم وەرزە گەیشتنە بە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، پێکهاتەی تیپەکەشمان جێگرەو هیچ گرفتێك لەتیپی هەندرێن بوونی نییە.»

لەبارەی ئاستی تیپەکانی گرووپەکەش تەها گوتی: «تا رادەیەك گرووپەکەمان گرووپێکی ئاسانە لەچاو گرووپەکەی دیکە، بەتایبەت لەچاو ئیمکانیەت و پارەی یانەکانی وەکو زێرەڤانی و نەورۆز و پێشمەرگەی هەولێر و برایەتی، بۆیە ئێمەش هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی ئامانجی خۆمان بپێکین.